کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-5-2007 13:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە نێوان ئاسۆ جەبارو ... . کۆمپانیا ی نەزۆک دا هەڵوێستێک بۆ سەرۆ قادر ... !! تەنیا

جۆرێك لەو پێنووسانەی کە هەڵگری پەیامی ڕۆشنبیری و خاوەن هەڵوێستن لەهەمبەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕووداوێکی سیاسی...، دەکرێ گوزارشت لە کۆمەڵێك ڕاستی و... خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ هەندێ مەسەلە هەبێ، کە دروست و نادروست، بۆ خوێنەرانی کورد لەیەکتری جیابکەنەوە، تاوەکو خوێنەری کوردیش بتوانێ تینوەکان بەشەفافیەتەوە بناسێت. ئەگەر جۆرێك لەو پێنووسانە کە خۆیان بە کۆمپانیایەك هەڵواسیوە ... یان بوونەتە وشە فرۆشی کەسێك، بۆ ناشرین کردنی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد دەجەنگێن... !!! ئەوە مەسەلەی دوعا دەتوانرێ ئەو پێوەرە بێت کە هەڵوێستی پێنووسەکان بناسێتەوە ... باشترین سیناریۆش کە کوالێتەکەی لەناو خەڵك گەورەکرا...، ئیهانە و تۆمەت بوو... بەڕۆژنامەنووسێکی ئەزموون داری وەکو سەرۆقادر..، بەڵام ڕووی پرسیار لێرە ئەوەیە.. بۆ ئاسۆ جەبار و هەموو ئەوانەی وەکو ئاسۆ بۆ مەرامی تایبەتی بە مکەبەرەی دەست و سەر شەقامەکانی سلێمانی چەواشەی رای گشتی پێ بکەن!! ئایا ئەم جارە، ئەم پێنووس و دەنگانە کە ئەوەندە خاوەن هەڵوێستی گەل و نیشتیمان و کۆمەڵگە بوون، بۆ پڕژانە سەر سەرۆ قادرو بەهەر تۆمەتێك بێت خەریك بوون رووبەڕووی رقلێبونەوەی بکەن...، پاش ئەوەی لەڕاستیدا مەنتیقی ڕۆشنبیری ڕەتی کردۆتەوەو عەقلێش قبوڵی نەکرد! چونکە جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی ترنەبوو... دەکرێ بڵێین ئەی ئەمڕۆ... ئەم پێنووسە خوێن مژوو کاڵفام و هەست کوژوو... دژە ئەزمونانە... لەکوێن... !؟ کوا هەڵوێستیان لەهەمبەر دوعا... کوا پێنووسە نەوشێروانیەکان... !ئەوانەی بە قسەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی میللەت دامەزراون، خۆیان و کۆمپانیاکانیان چیان بەسەر هات.. ؟! ئەی کۆمپانیای وشە.. ؟! ئەی کوا وەزارەتی داد... ؟! کوا دەهەزار واژوو بۆ دوعا... ؟! یان ئەمجارەیان دوعا لەمەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن نەبوو... لەناو سەتەلایتێکی کوردی پەیامی نەبوو... لەگۆڤارەکان نەی دەنووسی... ! نەی وت کۆمەڵگە بەم ڕێگایەدا سەردەکەوێ، گیانی بەرەنگاربونەوەو هاوکاری لە دڵی لاوان نەدەڕواند... ! نەی وت حکومەت و پەرلەمان دەسکەوتی خوێنی شەهیدانە.، نەی وت دەبێ دەسەلات لەبەرژەوەندی میللەت بێت میللەتیش ئەم ئەرکانەی لەسەر شانە...، نەی وت مەترسی ئیسلامی سیاسی و ئایندەکەی لە کۆمەڵگەدا چی دەبێت... کوا دەزگاکانیان و کەمپینەکانیان.. ؟! لەبەرئەوەی مەسەلەی دوعا پەیوەست نییە بەوەی کە نهێنیەکانتان دەزانێ مەرامە گلاوەکانتان ئاشکرا دەکات.. !؟ دەسەڵاتی شامی شەریفتان لەنگ ناکات!! یان دوعا نازانێ ئێوە چەندە تاوانبارن لە دروستکردنی شەڕە جنێو لە ڕاگەیاندن.. ! لە سوکایەتی کردن بەدەسکەوتەکانی کوردستان... سڕینەوەی کولتوری کوردی و... بۆیە پشتی شاشەکان باشترین شوێنێکە کە خۆتانی تیا مەڵاس بدەن ... ! یان ئەمجارە ئاراستەی کۆمپانیاکەتان بەرەو کامە پەڕەی وشە هەڵبەستن پیادە دەکەن... لاپەرەی ڕۆژنامەکەتان بە سوکایەتی کامە نووسەرێکی تر پڕدەکەنەوە.. کامە مەنتیقی ئەخلاق و ئەدەب و هونەر و ڕاگەیاندن دەفرۆشنەوە... ! کامە بەهەشت بە دۆزەخ دەگۆڕنەوە... ئەگینا کوا بەرهەمی کۆمپانیا... ! کوا بەرگری لە دوعا و... کۆکردنەوەی واژووەکانتان لە دژی بکوژانی دوعا... ! نا حەزانی کورد... ! کوا شرۆڤەتان بۆ ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانە ... ، کە خەریکە جیاکاری بکرێتە نێو میللەتێك بە ناوی کوردێکی ئێزیدی و کوردێکی موسڵمان... ! ئەم کێشەیە لە فۆرمێکی کۆمەڵایەتی بکرێتە پرسێکی سیاسی بەدەستی ناحەزانەوە ... هیچمان نەبینی... نەنووسینی بابەتێکتان لە دژی ئەوانەی کە ناوی منالەکانتان بەعەرەبی دەکەنەوە... ئەوەندە نەبێ کە بەتۆمەتی ئیهانە نووسیتان سەرۆ قادر...، !! بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێوە تەنیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ ئەوە ڕاهاتوون کە پارە بە فرۆشتنی وشە کۆبکەنەوە... ئەگینا بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەیی نەبایەو نەباران... ! یان ئەمجارە پێنووسەکانتان خامۆشکرد، چونکە ئێوە نابینان... ! لەهەمبەر هەستی نەتەوایەتی، تەنیا ڕووی ناشرین دەخوێنێتەوە... بۆیە ئەگەر کۆمپانیای وشە... ئێستا لای خەڵك کە بووە بەکۆمپانیای فشە.. !! بەیانییەك دێ کە خۆتان و پێنووسە بێ ویژدانەکانتان فشەتان بەدۆڕاندنی خۆتان دێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.